www.kurdistannet.org
8-11-2005 20:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## وزارەتی دەرەوەی نەمسا داوای چارەنووسی د. کەماڵ دەکەن ... چاک

وزارەتی دەرەوەی نەمسا پەیوەندی کردووە بە باڵوێزخانەی نەمسا لە ئوردون تاکو بە دواداچوون بکات لە ڕەوشی د. کەماڵ سەید قادر. بۆ ئەم مەبەستە باڵوێزخانەی نەمسا لە عەمان پەیوەندی کردووە بە بەڕێز هوشیار زێبارییەوە بۆ ئەوەی چارەنووسی د. کەماڵ ئاشکرا بکەن، لە وەڵامدا رایان گەیاندووە د. کەماڵ لای پارتی میوانە لەگەڵ هاتنەوەی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کێشەکەی چارەسەر دەبێت.

ئەوەی شایانی باسە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە سوید، پێشتر ئەوەی پشت ڕاست کردۆتەوە کە د. کەماڵ لای پارتییە و لە پای نوسینەکانی دەدرێتە دادگا.
لە ڕۆژانی ڕابردوو زیاتر لە 600 ڕێکخراوو کەسایەتی عەرەبی، لە ناویان دەیان کەسایەتی ڕۆشنبیری زۆر ناسراو و جێگیری سەرۆکی پەرلەمانی بەحرێنی تێدایە، گرتن و شوێن بزرکردنی د. کەماڵ سەید قادریان شەرمەزار کردووە.
هەروەها چاك پەیوەندی بە TT ی لە سوید کردووە (ئاژانسی دەنگ و باسی سویدی) تا بە دوادا چوون بکات لە کێشەکە.
هەروەها چاك لە سویسرا لەم ڕۆژانە لەگەڵ هیلال ئەحمەر دادەنیشن، داوایان لێ دەکەن سەردانی بەڕێز د. کەماڵ بکەن لە گرتوخانە.
جارێکی دیکە وەك چاك داخوازین د. کەماڵ سەید قادر لە دادگایەکی ئاشکرادا دادگایی بکرێت، نابێت کەس لە کوردستان شوێنبزر بکرێت. بەڵام ئەگەر هەر فایلدار و کۆنە بەعسییەك، دەعوا لەسەر د. کەماڵ تۆمار بکەن، ئەوە ڕاستەوخۆ کێشەکە دەبێتە کێشەی قوربانییانی جینۆساید لە کوردستان، ئەوکاتە دەبێتە دادگایی گەل.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك
2005-11-8
www. chak. info
chak_org@yahoo. com